# شەڕو ئەنجامەکانی

حەسەن سەیدباقی

هەروەك ئەوەی لەوتاری (لێدان و لابردنی سەدامدا) ئاماژەم پێداوە، خواست و نەخشی تورکیاو گۆڕانکاریە چاوەڕوان نەکراوەکانە، لە بەرهەڵستی خەڵکی و بەرەنگار بوونەوەی سوپای ئەمریکی دا، ئەمڕۆ ئەو ڕاستیانە دەبینین. پاش تێپەڕینی شەش ڕۆژ بەسەر شەڕو پێکداداندا، کە ماوەی کەمتری بۆ دانرابوو، واچاوەڕوان دەکرا لەگەڵ لێداندا ڕاپەڕینی ٩١ دووبارە ببێتەوە. بەڵام شەڕێك کە وێرانکاری و کوشتنی بە کۆیی خەڵکە، تێکدانی بنکەی ئابووری ئێراقە، هیچ کەس سوودمەند نییە بازرگانانی چەك نەبێت، لەم نێوەندەدا زیانەکانی بەسەر خەڵکدا دەشکێتەوە. گەلی کورد و هێزە سیاسیەکان، دەبێت زۆر بەوریای و توێژینەوەی ووردەوە بڕواننە گۆڕانکاریەکان، ئەوجا تێکەڵ بەڕووداوەکان بن. لە ئەمریکا چاووەڕوانی ئەوە دەکرێت، ڕژێمێك بێنێتە گۆڕێ کە بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا بپارێزێت، وە دەست بەسەرداهاتی ئێراقدا بگرێت. واتە بێتە نوێنەری ئەو لەناوچەکەدا، گومانی تێدا نییە دەبێتە یارمەتی دەر بۆ یەککگرتنی ڕیزەکانی خەڵك دژی سوپای ئەمریکی، ئەمەش بە سوود گەڕاوەتەوە بۆ ڕژێمی فاشی، دەرکەوت زۆر لایەنی بەناو ئۆپۆزیسیۆن هیچ بنکەیەکی جەماوەریان نییە، تەنها هەراو هۆریابوون و هیچی تر، ئەوەی بۆ ئەمریکیەکان هێزە کوردەکانن، لێرەدا پێویست بەهەڵوێستەیەکە، کوردەکان چ بکەن بۆ داهاتوو، چۆن سوود وەرگرن لەم بارە؟ ئایا ئەزموونی بەدەست هاتوو بەر فراوان دەبێت، یا. . ؟ ئەوەی کە لە بیری ئەمریکیەکاندا نەبوو، بەرەنگاربوونەوەو یەکڕیزی خەڵکی بوو دژی ئەوان، هاوکاری نەکردنی ئۆپۆزیسیۆنە لە باشووری عێراقدا. بۆش دەمێکە بانگەوازی سەرکەوتنی خۆی چڕیوە، پێش ئەوەی شەڕ دەس پێبکات هەروەك ئەوەی لە ڕابردودا ئاماژەم پێداوە. ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە، شەڕەکە بەناوی ڕزگاری گەلانی ئێراقە، لەدەس سەدام و داماڵینی چەکە کۆ کوژەکانە، گەر وایە بۆ ڕێژنەی ڕۆکێت و بۆمباکان بەسەر خەڵکەوەیە، کوشتارەکان هەر لەجەماوەرە، زۆر چاوو قایمانە دەدوێن، وایان هەست کرد ئێراق ئەفغانستانە، بیریان چوو ٩١ ڕژێمی فاشی لە گیانەڵادا بوو، ئەوان هاتن گیانیان بەبەردا کردەوە، ناوچەی دژە فڕین و ئارمیان دروست کرد، گوایە بۆ پاراستنی خەڵکە لە هێرشی دڕندانەی ڕژێم، پێم وایە وانەبوو، لەڕاستیدا مانەوەو درێژەدان بوو بەو ڕژێمە. هەستیان کرد لەو باشتریان دەست ناکەوێت بەرژەوەندیەکانیان بپارێزێت. ئەمەش بویە ئەزمونێکی گرنگ بۆ خەڵکی باشوور، ئەمڕۆش ترسیان هەیە ئەو درامایە دووبارە ببێتەوە کە لەکەربەلا ڕوویدا، ئەمە لەلایەك و لایەکی تر ئۆپۆزیسۆنی باشوریش کە شیعەیە، باوەڕیان بە ئەمریکا نییەو ڕاستەوخۆ هەست بەلێدانی بەرژەوەندیەکانیان دەکەن. دواتر کێشە بۆ ئێران دروست دەبێت، دەبینین ئەوان کڕن، کە ئەوانیش کڕ بوون واتە خوارو هەڵناستن بە ڕاپەڕین. لە چاوپێکەتنەکاندا باول دەڵێت "ئێمە ئاشتی دەپارێزین. . ، بەم زووانە دەگەینە کۆتایی جەنگ. . ، چەکی کۆکژی دەبینینەوە" ئەمە چ ئاشتیەکە؟ گەلانی ئێراق لە کۆکوژێك ڕزگاریان نەبووە، یەکێ دی دێت. بە"دایکی بۆمباکان" بۆمبابارن دەکات. ڕێزم بۆ هەمو دایکەکانە لە جیهاندا، کەی دایك منداڵی خۆی دەکوژێت؟!، کەی ئاشتی بە کۆکوژی بەرهەم دێت، گەر ئەوە ئاشتی بێت، دەبێت فاشی ڕوو سپی بێت، نەعلەت لەو ئاشتیە کە گۆڕستانی هەزاران بێت. کاك بۆش ڕزگارکەری گەلان، تۆڵەی خۆی لە گەلانی ئێراق دەکاتەوە، ئەوەی سەددام و دام و دەزگاکانی نەیانکرد ئەوا ئێستا ئەمان تەواوی دەکەن. گەر کاك ڕزگارکەر ڕاست دەفەرموێت بۆ دەبێت شەڕ بەرپا بێت؟ ئایا ڕێگەی تر نەبوو بۆ

www.kurdistannet.org

ڕزگار بوون له دیکتاتۆریەت! ئەمە بۆتێکشکاندنی بنکەی ئابووریە، باس لە داهات دەکات کە بۆ خزمەتی گەلانی ئێراق بەکار بێت، بەڕاست جوانەو باشە!! بەلام بۆ بەشەڕ؟ ئایا ئەو بودجەی بۆشەڕ دانراوە بۆ ئاوەدانی بوایە باشتر نەبوو! دیسانەوە دەبێت ئەوە بڵێم کوردەکان ڕاسترە بڵێم پارتە سیاسیەکان دەبێت خۆپارێز بن!تا لە مێژوودا نەچنە ریزی کۆکوژی، گەلی کورد بەدرێژایی مێژوو غەدری لێکراوە، چەوساوەتەوەو داگیرکراوە، بەڵینی پێدراوەخیانەتی لێکراوە، بۆیە دەبێت خاوەند هەڵویست بێت، بەرژەوەندیەکانی گەل لەسەروی هەموو شتێکی ترەوە بێت، نەبا جارێکی تر هەرزان فرۆش بکرێنەوە. با هەموو ڕێکەوتنەکان بە نووسین بێت!! پێم وایە ڕۆڵی کورد و ناوچەکە پاش تێپەڕینی ماوەیەکی کورت لەشەڕ گرنگە بۆ ئەمریکیەکان و دەیانەوێت بەرەیەکی نوێی تێدا بکەنەوە، تورکەکانیش لەداهاتوودا بێدەنگ نابن لە گۆڕانکاریەکان کە دێتەپێش.

ئازاری ٢٠٠٣

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە. ٧-٣-٢٠٠٣